پەرلەمانی عێراق پشتیوانی بە سەرژمێری دانیشتوان دووپاتکردەوە و هەفتەیەک پشووی ڕاگەیاند

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕۆژی هەینی پشتیوانی خۆی بە سەرژمێری گشتی دانیشتوان دووپاتکردەوە و بڕیاریدا هەفتەی داهاتوو دانیشتنەکانی پەرلەمان دەستپێبکاتەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە دەستی ئاژانسی موتەع کەوتووە، پەرلەمانی عێراق پشتیوانی تەواوی خۆی بە ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان و خانووبەرە دووپات دەکاتەوە و داوا لە پەرلەمانتاران دەکات ڕێنمایی و هاندانی هاووڵاتیانی ناوچەکەیان بکەن بە هاوکاریکردن لەگەڵ تیمەکانی مەیدانی وەزارەتی پلاندانانی فیدرالی بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بە سەرخستنی ئەپڕاسیۆنەکانی سەرژمێری کە بڕیارە لە ڕۆژانی 20 و 21ی ئەم مانگە ئەنجام بدرێت.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: لەبەر بوونی پەرلەمانتاران لە پارێزگاکانیان و گرنگی سەرژمێری وەک وردەکاریەکی گرنگی پێرەسەندن، بڕیاردرا هەفتەی داهاتوو دوای تەواوبوونی سەرژمێری لە سەرانسەری وڵات دانیشتنی پەرلەمانی عێراق دەستپێبکەنەوە.